# ئەی کائینێك ....

هۆشەنگ شێخ محەمەد
2005/12/20

من کەرانە لە تۆدا

لە عەشق و ژیان ئەگەڕام

گێلانە پرسیاری میهرەبانی و سۆزم

لێئەکردی..

من لە تۆدا .. ئەمویست ببم بە با..

بە باخچەی ئەوینێکی بێ کۆتا..

ببم بە ئاگری شعر و ..

تۆفانی خەیاڵ..

ببم بە بارانی ئازادی و

ڕێحانی هەقیقەت

من خەشیمانە لە تۆدا

پەیکەری خواو کۆتەڵی وەرزەکانم دا ئەتاشی

بێئاگایانە ئەمکردی بە ئەستێرە و هەتاو

ئەمکردی بە کچێك تژی لە مەمك و سێبەر و چرا

ئەمکردی بە فەنەرێك لە عەقڵ..

من کەرانە .. تەماشام ئەکردی

وێنەی خواو دەریا و گوڵەکانم تیا ئەدیتی

ئای لەو چاوانەم .. کە نەیانتوانی

تەنیا و تەنیا بە وێنەی

ڕووت و ڕووت و جوان جوانی مرۆڤێکەوە بتبینن..

نەیانتوانی بە وێنەی خۆتەوە بتبینن

کە تۆ باخچە نیت ، بەڵکو کائینێکی

لە باخەکاندا چاوەڕێ ئەکەیت عەشق بتگرێ

تۆ خوا نیت ، بەڵکو کائینێکیت لە کوڵانێکەوە

بە تەمایت دینێك ئازادت بکات..،

تۆ دەریا نیت .. بەڵکو ئافەریدەیەکیت

ئەتەوێت بارانێك تەڕ تەڕت کات،

تۆ لەم زەمەنە .. بێ ڕەسمەدا

ئەتەوێت هاوار بکەیت و پێم بڵێیت:

کەرانە تەماشام مەکە

ببینە من نەخودام و نە باران

نە چرام و نە بخور

نە ئەستێرەم و نە هەتاو

من تەنیا و تەنیا ژنێکم و

تۆش .. تەنیا و تەنیا پیاوێک

پیاوێک کە نەکوڕی خودایت و

نەچاوی عەشق..

نە پەریزادەیت و نە پەپوولە

تۆ تەنها پیاوێکی

عەشق هێشتا لە دەستت ڕائەکات و

میهریش خۆت لێ ئەشارێتەوە..،

هێشتانەکە کەرانە

ئەتوێ برژێیتە سۆز و میهرەوە

ئاونگانە ئەتوێ بە رووی هەتاودا بتوێیتەوە

تۆ .. کائینێکی بە دوای شتەکاندا ..

ڕائەکەیت و ماناکان ناگریت..،

تۆ لەوە ناگەیت .. تۆ تەنها پیاوێکی و

من تەنیا ژنێک..،

هەردووکیشمان تەنها .. کائینێکین لە مرۆڤ

من ئەڕۆم و نیازم نیە .. لە رووناکی بگەڕێم

من سەفەر ئەکەم و نیەتم نیە بخورێ هەڵکەم

من گوزەر ئەکەم و نامەوێ دینێک هەڵبژێرم

ئەڕۆم و ئاوڕ نادەمەوە لە هیچ و بانگی هیچ ناکەم..،

من کائینێکم دڵم تریانە

ئەگەر عەشق ویستی پڕم کات..

باوەک تریێ بڕژێتە ناوم

ئەگەر میهر ویستی تژیم کات

باوەك شەڕاب ببارێتە سەرم

ئەگەر خودا ویستی غەرقم كات

با وەك چرا وەرمپێچێ..

من كائینێكم تەنیا و تەنیا .. هەروەكو تۆ

مرۆڤێكم .. تەنیا مرۆ

كائینێكم جێگەم هەیە..

بۆ خوا .. بۆ عەشق.. بۆ ژیان

بۆ ئازادی .. بۆ گوڵەكانی رێحان

جێگەم هەیە..

بۆ تۆ ..ئەی كائینێك پڕ لە تەماشای گێلانە..،

كە كەرانە لەدەرەوەی خۆت

ئەڕوانیتە چەمكەكان و ..

بۆ ساتێكیش ئاوڕ لە ناخت نادەیتەوە..

ئەی كائینێك لە ناخ..

لێگەڕێ .. با ناخت پڕ بێ لە خۆت

پڕبێ لە من ..

لە خۆتی تەنها پیا و و

لە منی تەنیا ژن....